## وەحید محەمەد یاریزانی وشو کۆنفۆی یانەی پێشکەوتن:

# لە هەڵبژاردەی عێراق تەنیا یاریزانانی عەرەبیان دەوێت

دیمانە: کارزان کانەبی

**وەحید یەکێکە لەیاریزانە بەتواناکانی وڵاتی ئێران لەیاری وشــو کۆنفۆ بەشــی ساندا، لەدایکبووی ســاڵی ١٩٨٣ی شاری سنەی کوردســتانی ئێرانە و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە، ماوەیەك لەریزی هەڵبژاردەی ئێران یاری کردووە، لەئێستاشــدا رووی کردۆتە هەرێمی کوردستان، لەشاری هەولێر لەیانەی پێشکەوتن درێژە بەکاروانی وەرزشی خۆی دەدات، ئێمەش بەپێویستمان زانی ئەم دیمانەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**



***سەرەتا چۆن ئەم یارییەت هەڵبژارد؟**

-لەوڵاتی ئێران بۆماوەی زیاتر لەپێنج ســاڵ لەریزی هەڵبــژاردەی ئێــران یاریزان بوویمە، هــەر لەوڵاتی ئێرانیش درێژەم بەژیانی وەرزشی خۆم داوەو تا ئێستاش بەردەوامم.

***ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

- بەشــێوەیەکی گشتی باش نییە و لەئاستی پێویست نییە کە شایەنی باسکردن بێت.

***هۆکارەکەی بۆچی دەگەرێتەوە؟**

-لەکوردســتان بایەخ بەم یارییە نادرێت، ساڵانە یەك پاڵەوانێتــی دەکرێتەوە بۆیاریزانانــی یانەکان، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەســەر ئاستی یانەکان، یاریزانەکان هــەر لەیەك خول دەخولێنەوە ناچنــە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە، حکومەتیش مەسروفیان ناکات.

*** بەبۆچوونــی تۆ چی بکرێت باشــە بۆئەوەی ئەم یارییە لەکوردستان پێشڤەچوون بەخۆیەوە ببینیێ؟**

-گرنگــی زیاتــر بەیاریزانان بدرێــت و بودجەیەکی باشیان بۆدابین بکرێت بۆ ئەوەی بەشداری یارییەکانی دەرەوە بکــەن، بەتایبەتی لەئێســتادا هەوڵبدەین بۆئۆلۆمپیاتی ساڵی ٢٠٢٠جیهانی بەشداربین وەکــو یاریزانێکــی کورد، هۆڵــی تایبەت بــەم یارییە لەکوردســتان دروســت بکرێت، بایەخــی زیاتــری هەبێت ئەم یارییە لەشــارەکانی کوردستان. ئێمــە لەهەولێر تەنیا یەك هۆڵمــان هەیــە ئەوەیش لەیانەی پێشکەوتنە.

*** کێشــە و گر فتا ن زیاتر لەچــی رەنگ دەداتەوە؟**

-کێشــەکانمان یەکجار زۆرە، لەگــەڵ یەکێتی وشــو کۆنفۆی عێــراق بەردەوام لەکێشەین، یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق ١٠ کێشە، بەبێ ئاگاداری یاریزانانی کــورد تەنیا یاریزانە عەرەبەکان بەشــداریان پــێ دەکرێــت لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە .

***کاتێ لەهەڵبژاردەی ئێران بووی وەکو یاریزانێکی کورد بەشداری خولەکانت دەکرد؟**

-بەلێ وەکو کوردێك بەشداربوویمە.

***حەزدەکەی هەڵبژاردەی کوردســتان دابمەزرێ و بەئاڵای کوردستان بەشداری پاڵەوانێتیەکان بکەی؟**

-بێگومان، لەساڵی ٢٠٠٩لەپاڵەوانێتی فەجر لەئێران بەناوی کوردستان بۆیەکمجار بەشداریمان کرد.

***بەهیوای ئەوەی قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی ئەم یارییە بکرێتەوە لەکوردستان؟**

-کردنەوەی ئــەم قوتابخانەیــە زۆر گرنگ نییە، چونکــە ئەم قوتابخانەیە تەنیا لەوڵاتی چین هەیە، بەڵام کێشەی ئێمە نەبوونی هۆڵێکی تایبەتە ئەگەر هەبێت، ئێمە بەناوی کوردستان بەشداری خولەکانی دەرەوە دەکەین.

***لەهەڵبژاردەی عێراق داوا نەکراوی؟**

-نەخێــر بەهــۆی خراپی یەکێتی وشــو کۆنفۆی عێراقی بەرامبەر کوردەکان.

***هیچ یانەیەك لەکوردســتان داوای یاری کردنی لێ نەکردی؟**

-نەخێر تەنیا لەیانەی پێشکەوتنم.

***هیواو ئاواتت چییە لەداهاتوو بۆخۆت؟**

-بەهیوای ئەوەم چەندین یاریزان لەســەر دەســتی خۆم دروســت بکەم، بۆخزمەتکردنی کوردســتان، لەئێستاشدا لەشاری سلێمانی ئەم بیرۆکەیە لەیانەی ئاشــتی هەیــە. دەتوانین هەڵبژاردەی کوردســتان دروست بکەین.

***پرۆگرامت چییە بۆداهاتووی خۆت؟**

-بتوانــم لەســاڵی ٢٠١٢لەپاڵەوانێتــی جیهانی بەشداربم.

***ئەنجامەکانت چی بووە لەرابردوو وەکو یاریزانێك؟**

-لەســاڵی ٢٠٠٨لەپاڵەوانێتی جیهانــی لەئیتالیا بەشداریم کرد و پلەی سێیەمم بەدەستهێنا، لەوڵاتی ئەزربایەنجان پلەی یەکەمم بەدەســت هێنا لەساڵی ٢٠٠٩بەناوی کوردســتان بەشــداریم کرد لەوڵاتی ئەرمەنیا پلەی یەکەمم بەدەست هێنا.

***چــۆن بوو هاتیــە کوردســتان و رووت لەیانەی پێشکەوتن کرد؟**

-کێشە و گرفتی ئێمە لەگەڵ یەکێتی وشو کۆنفۆی ئێرانی ئەوە بــوو کە ئێمە یاریزانــی کورد بووین، کەس نەبوو یارمەتیمان بــدات، چونکە ئێمە کورد بوویــن، یاریزانانی فارس و تورك دەبەنە هەڵبژاردە، هەرچەندە ئەنجامیشــم هەبوو لەپاڵەوانێتی مۆسکۆ لەرووسیا پلەی سێیەمم بەدەسهێنا.

***داواکاریت چییە بۆلایەنی بەرپرس؟**

-بەهیوای ئەوەم زیاتر بایەخ بەیارییە تاکەکان بدرێت، چونکــە یاریزانانی کوردســتان دەتوانن ئەنجامی بەرچاو بەدەست بهێنین لەم یارییانە.



نور حەسەن یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر

# کێشەی سەرەکی ئێمە نەبوونی یاریگایە بۆ مەشقکردن

**نور حەسەن محەمەد لەدایکبووی ساڵی (١٩٩٤)ە و یاریزانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی هەولێرە و تایبەتمەندە لەیارییەکانی هاویشتنی ڕم و هاویشتنی قورسایی، لەپاڵەوانێتی کوردستان بۆ یانەکان و پاڵەوانێتی هەڵبژاردەی پارێزگاکانی کوردستان توانی چەندین ئەنجامی باش و بەرچاو بەدەستبهێنێت، ئەم یاریزانە تەنیا لەیانەی سەرچنار یاری کردووە دواتر پێوەندی بەیانەی پێشمەرگەی هەولێر کردووە، لەپاڵەوانێتی یانەکانی عێراق لەسەر ئاستی لاوان توانی پلەی سێیەم لەهاویشتنی ڕم بەدەستبهێنێت و لەپاڵەوانێتی کوردستان توانی پلەی دووەم بەدەستبهێنێت، بەپێویستمان زانی لەنزیکەوە ئەم دیمانەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**

***بۆچی یاری گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- لەمنداڵیەوە ئارەزووی یاری گۆڕەپان و مەیدانم هەبوو، بۆیە ئەم یارییەم هەڵبژارد، چونکە هەستم کرد دەتوانم ئەنجامی باش بەدەستبهێنم.

*** کێ تۆی دۆزیەوە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت ڕاهێنەرەکەم سیروان حامد منی دۆزیەوە هەر ئەویش هۆکاری سەرەکی بوو کە ڕوو لەیاری گۆڕەپان و مەیدان بکەم.

*** ئایا بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوی؟**

- بەڵێ، بانگهێشتی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق کرام، بەڵام تا ئێستا بەشداریمان لەهیچ پاڵەوانێتیەك نەکردووە.

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی وەرزشی ئافرەتان؟**

- لەکوردستان وەرزشی ئافرەتان زۆر پێشکەوتووە و پشتگیری لێ دەکرێت، بەڵام لەعێراق بەهیچ شێوەیەك پشتگیری لەوەرزشی ئافرەتان ناکرێت و بایەخی پێ نادرێت.

*** چۆن دەڕوانیە ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان-ی کچان؟**

- یاری گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی کچان کەس بایەخی پێ نادات و دواکەوتووە، هەرچەندە چەندین یاریزانی بەتوانا هەیە لەم یارییە، ئەگەر بایەخی پێبدەن ئەوە دەتوانن لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە ئەنجامی باش بەدەستبهێنن، لەهەمان کاتدا یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بایەخی زیاتر بەکچە یاریزانە عەرەبەکان دەدات نەوەك کچە کوردەکان، هەرچەندە ئاستی یاریزانە کچە کوردەکان زۆر بەرزترە.

*** بۆچی یانەی پێشمەرگەی هەولێر-ت هەڵبژارد؟**

- چونکە یانەی پێشمەرگەی هەولێر هەموو شتێکی بۆ دابین کردوین و دەستەی کارگێڕی یانەکە بایەخێکی زۆرمان پێ دەدات، لەهەمان کاتدا ئێمە لەچوار یاریزان و ڕاهێنەرێك پێکهاتووین، بەیەکەوە بڕیارمان دا لەیانەی پێشمەرگەی هەولێر یاری بکەین، زۆر سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەکەمان دەکەین بۆ ئەم پاڵپشتیەی کە لەئێمە دەکات.

*** تا چەند دایك و باوکت هاوکاریان کردووی بۆ ئەوەی لەوەرزش بەردەوام بیت؟**

- سەرەتا تووشی هەندێك کێشە بووین، چونکە دایك و باوکم ڕازی نەبوون، بەڵام دواتر ئاستی منیان بینی پاڵپشتیان لێکردم و زۆر سوپاسیان دەکەم بۆ ئەم متمانەیە کە بەمنیان داوە.

*** کێشە و گرفتان چییە؟**

- کێشەی سەرەکی ئێمە نەبوونی یاریگایە بۆ مەشقکردن، ئەمە زۆر کاریگەری لەئاستی ئێمە کردووە، چونکە ناتوانین هەموو ڕۆژێ مەشق بکەین، بەهۆی نەبوونی یاریگا ناچار دەبین کە هەندێك ڕۆژ لەپارکەکان مەشقی خۆمان بکەین، بۆیە هیوادارم بەزووترین کات ئەم کێشەیە چارەسەر بێت و یاریگایەکی تایبەت بەیاری گۆڕەپان و مەیدان دروست بکرێت.

*** جگە لەگۆڕەپان و مەیدان هیچ یارییەکی ترت ئەنجامداوە؟**

- بەڵێ، جگە لەگۆڕەپان و مەیدان یاری تۆپی پێی و باسکەم ئەنجامداوە، دواتر ئەم دوو یارییەم جێهێشت ڕووم لەیاری گۆڕەپان و مەیدان کرد و ئێستاش هاندەرێکی سەرسەختی یانەی بەرشلۆنەم.

لەکۆتاییدا نور حەسەن محەمەد سوپاسی ڕاهێنەر سیروان حامدی کرد و گوتی: خۆم بەقەرزاری ڕاهێنەرەکەم دەزانم و جگە لەسیروان حامد ڕێگە نادەم هیچ کەسێك ببێتە ڕاهێنەرم و هەوڵ دەدەم ئاستم زیاتر پێش بکەوێت بۆئەوەی بتوانم بەشداری لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە و ناوەوی کوردستان بکەم بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش.

# فێرگسۆن.. گواردیۆلای لا پەسەندترە لەمۆرینهۆ

راپۆرتە رۆژنامەوانییەكانی بەریتانیا ئەوەیان ئاشكرا كرد سێر ئەلێكس فێرگسۆن ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد پێیوایە پیب گواردیۆلا ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە شایستەترین كەسە بۆ ئەوەی شوێنی ئەو بگرێتەوە ئەگەر بڕیاری ڕۆیشتنی دا لەیانەی شەیتانە سوورەكان، ڕۆژنامەی دەیلی ئێكسپرێس ڕایگەیاند سەڕەرای ئەوەی ناوی هەردوو ڕاهێنەر گواردیۆلا و جۆزێ مۆرینهۆ لەئارادایە بۆ ئەوەی شوێنی فێرگسون بگرنەوە، بەڵام سێر گواردیۆلای لا پەسەندترە هەرچەندە مۆرینهۆ دەسكەوتی گەورەی لەگەڵ یانەی چێلسی تۆمار كردووە. ڕۆژنامەكە ئەوەشی ڕاگەیاند فێرگسۆن كە تەمەنی ٧٠ ساڵە و زیاتر لە٢٥ ساڵە ڕاهێنەری یانەی مان یونایتدە ئاست بەرزی یانەی بەرشلۆنەی بەهەند وەرگرتووە لەسەردەمی گواردیۆلا بەتایبەتی بردنەوەی بەرشلۆنە لەمان یونایتد لەدوو یاری كۆتایی چامپیۆنز لیگ لەساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١١، ڕۆژنامەكە ئاماژەی بەوەشكرد كە بەهێزی خولی ئینگلتەرا و سەنگی یانەی مان یونایتد فاكتەرێكی گرنگ دەبێت بۆ ڕازیكردنی گواردیۆلا.

شایانی باسە فێرگسۆن زیاتر لەجارێك ڕایگەیاندووە كە مانەوەی لەگەڵ شەیتانە سوورەكان پەیوەست نییە بەتەمەنەوە، بەڵكو پەیوەستە بەو دەسكەوتانەی كە تۆماری دەكات لەگەڵ یانەی ناوبراودا.



# لۆف. كاتی ئەوە هاتووە ئەڵمانیا نازناوێكی گەورە بەدەست بهێنێت

یواكیم لۆف ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دووپاتیكردەوە كاتی ئەوە هاتووە هەڵبژاردەكەی نازناوێكی گەورە بەدەست بهێنێت كاتێك بەشداری لەیارییەكانی جامی نەتەوەكانی ئەوروپا دەكات لەمانگی حوزەیرانی داهاتوو لەهەردوو وڵاتی پۆڵەندا و ئۆكرانیا، ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٩٦ەوە لەنازناوەكان دوورە كاتێك توانی جامی ئەوروپا بباتەوە، لۆف لەلێدوانێكیدا بۆ ڕۆژنامەی بێڵدی ئەڵمانی گوتی : یارییەكان زۆر زەحمەت دەبن، بەڵام ئێمە نازناوەكەمان دەوێت كە ماوەیەكە لەو نازناوە دوورین، هەموو یاریزانەكان تێنووی سەركەوتنن، هەروەها لەو ئاستەن كە دەتوانن لەیارییەكاندا سەركەوتوو بن، یاریزانەكان لەیاری بەكۆمەڵ و لێهاتووی تاك دا لەوپەڕی ئاست بەرزی دان. هەروەها ڕاهێنەری مانشافت گوتی: بەڕاشكاوانە دەڵێم ئێمە جامەكەمان دەوێت لەیۆرۆی ٢٠١٢، بەڵام ئەم جۆرە پاڵەوانەتیە پێویستی بەخۆماندووكردنی زیاتر هەیە لەلای ئێمە و یاریزانەكان، پێویستە بۆ هەر یارییەك پلان و شێوازی تایبەت بەیارییەكە دابنێین.



جێگای ئاماژە پێكردنە ئەڵمانیا لەیۆرۆی ٢٠١٢ لەگروپی دووەم یاری دەكات كە بەگروپی ئاسنین ناسراوە شان بەشانی هەڵبژاردەكانی هۆڵەندا و پورتوگاڵ و دانیمارك، یەكەم یاریشی لەڕۆژی ٢٠١٢/٦/٩ دەبێت بەرامبەر هەڵبژاردەی پورتوگاڵ.

# ڕاهێنەری ئۆروگوای باشترین ڕاهێنەری جیهانە



یەكێتی نێودەوڵەتی مێژوو و ئامارەكانی تۆپی پێ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئۆرگوای ئۆسكار واشنتۆن تاباریزی بەباشترین ڕاهێنەری هەڵبژاردەكان لەساڵی ٢٠١١ دەست نیشان كرد و بەپێش ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا ڤیسینتی دیل بۆسكی كەوت كە لەپلەی دووەم هات، یەكێتی ناوبراو ڕایگەیاند كە پسپۆران و چاودێران لە٨١ وڵات ٢٠٠ خاڵیان بەخشیە تاباریز بەجیاوازی ١٤ خاڵ لەگەڵ دیل بۆسكی دووەم.

تاباریز لەساڵی ٢٠٠٦ەوە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئۆرگوایە و لەساڵی ٢٠١١ توانی جامی كوپا ئەمریكا بۆ ئۆرگوای بەدەست بهێنێت، هەر چوار باشترین ڕاهێنەری ساڵی ٢٠١٠ پارێزگارییان لەپلەكانی یەكەم تا چوارەم كرد، بەڵام بە ڕیزبەندێكی جیاواز، لەساڵی ٢٠١١ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ڤەنزویلا سیزار ئەلیخاندرۆ ڤاریاس بووە یەكەم ڕاهێنەری ئەم هەڵبژاردەیە كە ناوی لەباشترین ١٠ ڕاهێنەری جیهان هاتووە. ئەمەش ڕیزبەندی باشترین ١٠ ڕاهێنەری هەڵبژاردەكانە لەساڵی ٢٠١١:

١- ئۆسكار واشنتۆن تاباریز. هەڵبژاردەی ئۆرگوای. ٢٠٠ خاڵ
٢- ڤیسنتی دیل بۆسكی. هەڵبژاردەی ئیسپانیا. ١٨٦ خاڵ
٣- یواكیم لۆف. هەڵبژاردەی ئەڵمانیا. ١٦٩ خاڵ
٤- پێرت ڤان مێرڤیك. هەڵبژاردەی هۆڵەندا. ٨١ خاڵ
٥- ئەلبەرتۆ زاكیرۆنی. هەڵبژاردەی ژاپۆن. ٢٤ خاڵ
٦- فابیۆ كاپیللۆ. هەڵبژاردەی ئینگلتەرا. ٢٣ خاڵ
٧- مۆرتن ئۆلسن. هەڵبژاردەی دانیمارك. ٢٠ خاڵ
٨- سیزار ئەلیخاندرۆ ڤاریاس. هەڵبژاردەی ڤەنزویلا. ١٢ خاڵ
٩- جیۆڤانی تراپاتۆنی. هەڵبژاردەی كۆماری ئێرلەندا. ١٢ خاڵ
١٠- سلاڤین بیلیچ. هەڵبژاردەی كرواتیا. ١١ خال

# ئەمشەو کام یاریزان خەڵاتی تۆپی زێڕین وەردەگرێت؟

## ژاڤی هێرناندیز... کریستیانۆ ڕۆنالدۆ... لیۆنێل میسی



کاتژمێر ٩ی ئەمشەو بەکاتی هەولێر یەکێتی تۆپی پێی جیهانی فیفا ئاهەنگی ساڵانەی خۆی بۆ دەست نیشانکردنی باشترینەکانی ساڵی ٢٠١١ لەشاری زیوریخ ساز دەکات، خەڵاتی تۆپی زێڕین و باشترین یاریزانی جیهان لەنێوان سێ یاریزانە کە ئەوانیش هەر یەك لەیاریزانان ژاڤی هێرناندیز یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا و کریستیانۆ ڕۆنالدۆ یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگال و یانەی ڕیال مەدرید و لیۆنێل میسی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنە، دەنگدان لەڕێگای ڕۆژنامونووسان و ڕاهێنەر و کاپتنی هەڵبژاردە نیشتمانیەکانەوە دەبێت، ئەم سێ یاریزانە لەنێو ٢٣ یاریزان دەست نیشانکران کە لەلایەن فیفاوە پاڵێوراو بوون بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە.

خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان و تۆپی زێڕین خەڵاتێکی هاوبەشە لەنێوان گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرنسی و فیفا، ئەم سیستەمەش لەساڵی ٢٠١٠ بۆ یەکەمجار پەیڕەو کرا دوای ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا لەکاتی یارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٠ لەباشووری ئەفریقیا، پێش ئەم ساڵەش هەر لایەنێك بەتەنیا خەڵاتەکەی دەبەخشی.

لەلایەکی دیکەوە هەر ئەمشەو لەمیانی ئەم ئاهەنگە چەندین خەڵاتی دیکە دابەش دەکرێن، خەڵاتی باشترین کچە یاریزان کە لەنێوان هەرسێ کچە یاریزان مارتا لەهەڵبژاردەی کچانی بەرازیل و هوماری ساوا لەهەڵبژاردەی کچانی ژاپۆن و ئابی وامباك لەهەڵبژاردەی کچانی ئەمریکا ماوەتەوە، هەروەها خەڵاتی باشترین ڕاهێنەر کە هەریەك لەسێر ئەلێکس فێرگسۆن ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد و جۆزێ مۆرینهۆ ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید و پیب گواردیۆلا ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە ململانێ لەسەر نازناوەکە دەکەن، خەڵاتی جوانترین گۆڵ کە بەخەڵاتی پۆشکاش ناسراوە و گۆڵی هەرسێ یاریزانی یانەی بەرشلۆنە لیۆنێل میسی لەیانەی ئەرسنال و گۆڵی یاریزانی یانەی مان یونایتد وێین ڕونی لەیانەی مان سیتی و گۆڵی یاریزانی یانەی سانتۆس نیمار داسیلڤا لەیانەی فلامینگۆ بۆ ئەم خەڵاتە پاڵێوراون، جگە لەم خەڵاتانەش خەڵاتی باشترین ڕاهێنەری ئافرەتان و خەڵاتی یاری پاك و خەڵاتی سەرۆکایەتی فیفا دابەش دەکرێت.

شایانی باسە خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان لەلایەن فیفاوە لەساڵی ١٩٩١ دەستی پێکردووە و تا ئێستا ئەم یاریزانانە خەڵاتەکەیان بەدەست هێناوە:

١٩٩١ لۆتەر ماتیۆس. ئەڵمانیا و یانەی ئینتەر میلانی ئیتالی
١٩٩٢ مارکۆ ڤان باستن. هۆڵەندا و یانەی میلانی ئیتالی
١٩٩٣ ڕۆبەرتۆ باجیۆ. ئیتالیا و یانەی یوڤانتسی ئیتالی
١٩٩٤ ڕۆماریۆ. بەرازیل و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی
١٩٩٥ جۆرج ویا. لیبریا و یانەی میلانی ئیتالی
١٩٩٦ ڕۆنالدۆ. بەرازیل و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی
١٩٩٧ ڕۆنالدۆ. بەرازیل و یانەکانی بەرشلۆنە و ئینتەر میلان
١٩٩٨ زینەدین زیدان. فەرنسا ویانەی یوڤانتسی ئیتالی
١٩٩٩ ڕیڤالدۆ. بەرازیل و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی
٢٠٠٠ زینەدین زیدان. فەرنسا و یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی
٢٠٠١ لویس فیگۆ. پورتوگال و یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی
٢٠٠٢ ڕۆنالدۆ. بەرازیل و یانەکانی ڕیال مەدرید و ئینتەر میلان
٢٠٠٣ زینەدین زیدان. فەرنسا ویانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی
٢٠٠٤ ڕۆنالدینهۆ. بەرازیل و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی
٢٠٠٥ ڕۆنالدینهۆ. بەرازیل و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی
٢٠٠٦ فابیۆ کەنەڤارۆ. ئیتالیا و یانەکانی ڕیال مەدرید و یوڤانتس
٢٠٠٧ ڕیکاردۆ کاکا. بەرازیل و یانەی میلانی ئیتالی
٢٠٠٨ کریستیانۆ ڕۆنالدۆ. پورتوگال و یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی
٢٠٠٩ لیۆنێل میسی. ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی
٢٠١٠ لیۆنێل میسی. ئەرژەنتین و یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی



# کچانی تۆپی باڵەو باسکەی ئەکاد بەشداری لەپاڵەوانیتی یانەکانی عەرەبی دەکەن

دوای ئەوەی هەردوو تیپی تۆپی باڵەو باسکەی کچانی ئەکاد توانیان ببنە پاڵەوانی عێراق بۆ ئەم دوو یارییە لەسەر ئاستی کچان، هەردوو یەکێتی تۆپی باڵەو باسکەی عێراق بەفەرمی بڕیاریان دا یانەی ئەکاد دەستنیشان بکەن بۆ ئەوەی بەشداری لەپاڵەوانێتی یانەکانی عەرەبی بکەن لەسەر ئاستی کچان بۆ تۆپی باڵەو تۆپی باسکە، کە مانگی داهاتوو لەشاری شارقە-ی وڵاتی ئیمارات بەڕێوە دەچێت.

بۆ ئەم مەبەستە دەستەی کارگێڕی یانەی ئەکاد خۆی بۆ ئەم پاڵەوانێتییە ئامادە کردووە و هەردوو تیپ لەئێستاوە دەستیان بەمەشق کردن کردووە بۆ ئەوەی بتوانن لەم پاڵەوانێتیە ئەنجامێکی باش بەدەستبهێنن، بۆیە دەستەی کارگێڕی یانەکە بڕیاری داوە گرێبەست لەگەڵ دوو یاریزانی پیشەگەر بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ تیپی باڵە بەشداری لەم پاڵەوانێتیە بکەن، ئەویش یاریزانێکی ئێرانی و سوریە، بەهەمان شێوە وا بڕیارە گرێبەست لەگەڵ دوو یاریزانی پیشەگەری ئەمریکی مۆربکەن بۆ تیپی تۆپی باسکە، ئەم دوو یاریزانە لەخولی تورکیا یاری دەکەن.

لەلێدوانێکیدا مونیر ئیسحاق ڕاهێنەری تیپی تۆپی باڵەی کچانی ئەکاد گوتی: ئێمە چاوەڕوانی پشتگیری لەلایەنە پێوەندارەکان دەکەین بۆ ئەوەی بڕە پارەیەکمان بۆ دابین بکات تاکو بتوانین ئۆردوگایەکی مەشقی لەدەرەوەی کوردستان ئەنجام بدەین تاکو بتوانین ئاستی یاریزانەکانمان بگەیەننە لوتکە و لەمبارەیەوە بەڵێنمان پێدراوە.

لەکۆتایی قسەکانیدا مونیر ئیسحاق گوتی: یانەکەمان بۆ یەکەمین جارە بەشداری لەم جۆرە پاڵەوانێتیانە دەکات بۆیە هەوڵ دەدەین ناوی یانەکە و شارەکەمان بەرزبکەینەوە و ئەنجامی باش بەدەستبهێنین.

جێگەی باسە پاڵەوانێتی یارییەکانی عەرەبی خۆی لەیارییەکانی تۆپی باڵەو باسکە و گۆڕەپان و مەیدان و تۆپی سەرمێز و تیروکەوان دەبینێتەوە و تایبەتە بەیانە پاڵەوانەکان لەسەر ئاستی کچان و لەمانگی داهاتوو لەشاری شاریقە بەڕێوە دەچێت.

# پاڵەوانێتی بەرزکردنەوەی قـ

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر لەپایتەختی کوردستان پاڵەوانێتی بەرزکردنەوەی قورسایی یاریزانە دێرینەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، لەپاڵەوانێتیەکەشدا کە ماوەی یەك ڕۆژی خایاند، ٢٨یاریزانی دێرینی شارەکانی کوردستان ململانیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی





# چالاکییەکانی بنکەی

بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر یەکێکە لەبنکە گرنگ و سەرەکییەکانی شاری هەولێر، کە بایەخێکی زۆر بەپێگەیاندنی یاریزان دەدات لەگشت یارییەکان و ساڵانە چەندین یاریزانی ئاست بەرز پێشکەش بەگشت یانەکانی شاری هەولێر دەکات لەیارییە جۆراوجۆرەکان لەپاڵ گەیاندنی یاریزانی ئاست بەرز لەپاڵەوانێتیە جۆراوجۆرەکان، ئەنجامی بەرچاو بەدەست دەهێنێت.

لەیاری تۆپی پێی، بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر بەشداری لەپاڵەوانێتی بنکە وەرزشییەکانی پارێزگای هەولێر لەسەر ئاستی لاوان و تازەپێگەیشتووان کرد، لەئاستی تازەپێگەیشتووان توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت و لەسەر ئاستی

## ـــــورسایی یاریزانە دێرینەکانی کوردستان بەڕێوەچوو




شایستە، ئەنجامی کۆتایی یاریزانەکانیش بەمشێوەی خوارەوە بوو.

پلەی یەکەم
محەمەدسەدیق، خەسرۆ ئیسماعیل، نەوزاد عەبدوڵڵا ٨٤خاڵ

پلەی دووەم
کازم فنجان ڕەمەزان دەروێش ٧٥خاڵ

پلەی سێ یەم
بەختیار محەمەد حەیدەر مەجید ٦٩خاڵ

لەکۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.

## قەڵا.. پاڵەوانی لەشجوانی هەولێر بوو



لەشاری هەولێر لەهۆڵی ڕۆشنبیری بۆماوەی یەك ڕۆژ بەسەرپەرشتی لقی هەولێری یەکێتی لەشجوانی پاڵەوانێتی لەشجوانی یانەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری ئەنجامدرا، کەهەریەك لەیانەکانی (قەڵا، شەقڵاوە، جیهان، پێشمەرگەی هەولێر، نیشتمان، هەولێر، بروسك، ئاڵا )و ٦٥یاریزان بەشدارییان لە کێشەکانی ٦٠کگم تاکو +١٠٠کگم کردبوو، لەپاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو نمایشێکی جوانی یاری لەشجوانیان پێشکەشی ئامادەبووان کرد، دانا جومعە سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیەکە بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «ئێمە بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری ئەم یارییە ئەم پاڵەوانێتیەمان ئەنجامدا وەکو پرۆگرامی خۆمان بەردەوامیش دەبین لەخزمەتکردنی ئەم یارییە لەشاری هەولێر. ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیەی خوارەوە بوو.

١-یانەی قەڵا ١٢٤خاڵ
٢-یانەی پێشمەرگەی هەولێر٧٤خاڵ
٣-یانەی ئاڵا ٥٢خاڵ

لەکۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و تیپەکان دابەشکرا.

## وەرزش و لاوانی هەولێر

لاوان توانی پلەی دووەم بەدەستبهێنێت و لەیاری تێنسی سەرمێز تیپی بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر توانی پلەی دووەم لەسەر ئاستی بنکە وەرزشییەکانی پارێزگای هەولێر بەدەستبهێنێت و لەیاری جمناستیك بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت و لەسەر ئاستی بنکە وەرزشییەکانی پارێزگای هەولێر و لەیاری بەرزکردنەوەی قورسایی توانی پلەی سێیەم لەپاڵەوانێتی یانەکانی پارێزگای هەولێر بەدەستبهێنێت.

لەلێدوانێکی تایبەتدا دلشاد هیرانی بەڕێوەبەری بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر گوتی: ئامانجی سەرەکی ئێمە لەم بنکەیە پێگەیاندنی یاریزانی بەتوانایە بۆ دوارۆژ و تا ئێستا چەندین یاریزانی ئاست بەرزمان پێگەیاندووە بۆ گشت یانەکانی شاری هەولێر لەگشت یارییەکان.

لەدرێژەی قسەکانیدا دڵشاد هیرانی گوتی: ئێمە لەئەنجامی تیپەکان ڕازین کە توانیان ئەنجامی بەرچاو بەدەستبهێنن و دەستخۆشیان لێدەکەین و هەوڵ دەدین لەداهاتوو ئەنجامەمان باشتر بێت لەگشت یارییەکان.

جێگەی باسە بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر لەیارییەکانی تۆپی پێی (لاوان، تازەپێگەیشتووان، قوتابخانە)، تۆپی باسکە و باڵەو تۆپی دەست و جمناستیك و تایکواندو و بەرزکردنەوەی قورسایی و چەندین یاری تر پێکهاتووە.

### پۆزش

**لەژمارەی ڕابردوو گۆڤارەکەمان لەبابەتی (گرنگترین ڕووداوە وەرزشیەکانی کوردستان لەساڵی ٢٠١١) هەواڵێك بەهەڵە دابەزی، کە تیایدا نووسراوە (یانەی سۆلاڤی نوێ پاڵەوانێتی یانەکانی کوردستان بۆ یاری جۆدۆ بەدەستهێناوە) ئەمەش هەڵەیە ڕاستی هەواڵەکە بەمشێوەیە (یانەی خەبات پاڵەوانێتی یانەکانی کوردستان بۆ یاری جۆدۆ بەدەستهێنا، کە یارییەکان لەشاری دهۆك بەڕێوەچوو)، بۆیە داوای لێبوردن لەخوێنەرانی گۆڤارەکەمان دەکەین.**